
# بەندی حەوتەم

# كتێبەكەی پڕۆژەی چراو چەند سەرنجێك




**پێناسەیەكی كورتی پرۆژەی چرا:**

ئەم پرۆژەیە لەم دواییانەو لە لایەن چەند كەسێكەوە لە شاری هەولێر دامەزراوە كە بە نیەتی خۆیان دەیانەوێت بەرگری لە شەریعەتی ئیسلام و سوننەتی پێغەمبەر ﷺ بكەن، بەڵام بەداخەوە وەك لە كارو بڵاوكراوەكانیانەوە دیارە هەوڵەكانیان بۆ زیندوو كردنەوەی بیدعەیەو زیاتر پارێزگاری و بەرگری لە بیدعەو كاری بێ بەڵگە دەكەن نەك لە سوننەتی صەحیحی پێغەمبەر ﷺ، وە لەهەمان كاتدا دژایەتی كردن و بە كەم سەیركردنی بانگەوازیكاران و هەڵگرانی سوننەتی صەحیحی پێغەمبەر ﷺ، لە كاتێكیشدا شوێن كەوتوانی ڕاستەقینەی پێغەمبەر ﷺ لە هەموو كەس زیاتر پێغەمبەریان ﷺ خۆش دەوێت و دەیانەوێت ووردو درشتی هەموو سوننەتەكانی زیندوو بكەنەوەو هەرچی بیدعەو خوڕافە هەیە لەناو دیندا بیسڕنەوەو ئایینی پیرۆزی ئیسلامی لێ پاك بكەنەوە.

وە دەستەی پرۆژەی چرا كتێبێكیان چاپ كردووە بە ناونیشانی (حوكمی ئاهەنگ گێران بە بۆنەی یادی لە دایك بوونی پێغەمبەری ئاخر زەمان)، كە لە كتێبی ناوبراودا هەستاون بە هێنانەوەی كۆمەڵێك شوبهەو قسەی بێ بنەماو بێ بەڵگە بۆ شەرعیەت دان بە مەولود خوێندنەوەو ئاهەنگ گێران بۆ یادی لە دایك بوونی پێغەمبەر ﷺ، وە ئەگەرچی لە سەرەتادا نەمویست هیچ دەربارەی ئەم كتێبە بنوسم، بەڵام دوای ئەوەی كە سەیری ناوەڕۆكەكەیم كرد بینیم زیادەڕەویەكی زۆری تێدایە دەربارەی شەرعیەت دان بە بیدعەی مەولود خوێندنەوەو ئاهەنگ گێران بە بۆنەی

لە دایك بوونی پێغەمبەر ﷺ، وە هەروەها هێرش كردنێكی ناڕەواو بێ ویژدانانە بۆسەر هەڵگران و شوێن كەوتوانی سوننەتی صەحیحی پێغەمبەر ﷺ.

وە هەموو ئەو دەقانەی كە لە كتێبەكەیاندا هێناومنەوەو باسم كردوون، هەر وەك خۆی نوسیومنەوەو دەستكاری ڕێنوسەكەیانم نەكردوون، وە كە هەڵەیەكیشتان بەرچاو كەوت تیایاندا ئەوا هەر لە كتێبەكەیاندا ئاوا نوسراوەو من دەستكاریم نەكردوون و ڕاستم نەكردوونەتەوە.

سەرەتا دەربارەی پڕۆژەكەیان و لە لاپەڕە(٥)ی كتێبەكەیاندا دەڵێن: (كۆمەڵێك لە زاناو مامۆستای شارەزا لە بواری شەریعەتی ئیسلام ئەم ئەركەیان گرتۆتە ئەستۆی خۆیان بۆ نیشان دانی بابەتەكان بەڕاستی و دروستی، دیارە سەرچاوەی ڕوونكردنەوەی بابەتەكان قورئانی پیرۆزو سوننەتی پێغەمبەرمان ﷺ)!!!

لێرەدا پرسیار ئەوەیە؛ ئەم كۆمەڵە زاناو مامۆستاو شارەزایە لە بواری شەریعەتدا كێن؟!! وە كێ شاهێدی بۆ داون كە بەڵێ ئەمانە زاناو شارەزان لە بواری شەریعەتدا؟!! وە ئەگەر مەبەستتان خۆتان بێت ئەوا زانایان و شارەزایانی ڕاستەقینە لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام هەرگیز خۆیان بەو شێوەیە وەسفی خۆیانیان نەكردووە، بەڵكو بەردەوام ووتویانەو دەڵێن: ئێمە قوتابی زانایان و داواكاری زانستی شەرعیین (طالب عیلمین)، وە بەردەوامیش بەرگریان لە سوننەتی صەحیحی پێغەمبەر ﷺ كردووە، نەك وەك جەنابتان هەوڵیان زیندوو كردنەوەو بایەخ دان بێت بە بیدعەو گوێ نەدەن بە سوننەتی صەحیحی پێغەمبەر ﷺ.

وە كە ڕاستیش دەكەن كە سەرچاوەی سەرەكی ڕوونكردنەوەی بابەتەكان قورئانی پیرۆزو سوننەتی پێغەمبەرە ﷺ، دەفەرمون سەیری تەواوی قورئان و سوننەتی صەحیحی پێغەمبەر ﷺو پاشان هەر سێ سەدە پیرۆزەكەی دوای پێغەمبەر ﷺو هەر چوار مەزهەبە سەرەكیەكەی ئیسلام بكەن و بزانن یەك ووشەتان دەست دەكەوێت دەربارەی ئەم بیدعەیەی كەوا بەیت و بالۆرەی بۆ لێ دەدەن و بانگەشەی بۆ دەكەن؟!! یان بە پێچەوانەوە ئەوەی دەستتان دەكەوێت لێی هەمووی پێچەوانەی قسەكانتانەو لێتان دەكاتەوە بە كەف دەریاو تۆزی بەر با.

ئینجا دێنە سەر باسی مێژووی ئاهەنگ گێڕان و حوكمەكەی كە ئەمەیان زیاتر جێگای مەبەستی ئێمەیەو دەمانەوێت شوبهەكانیان هەر وەك شوبهەی پێشەواكانیان (محمد علوي المالكي و محمد علوب و یوسف بن هاشم الرفاعي و......هتد) ڕوون بكەینەوە بە پشتیوانی خوای گەورە، وە لە كاتێكدا ئەمانەی ئەوان پشتیان پێ دەبەستن بە تەواوی مانا دژایەتی سوننەتی ڕاستەقینەی پێغەمبەر ﷺ دەكەن و زۆرینەی بڵاوكراوەكانیان تایبەتە بە دژایەتی كردنی سوننەت و هەڵگران و شوێن كەوتوانی ڕاستەقینەی.

لە لاپەڕە (٤٣)ی كتێبەكەیاندا دەڵێن: (یەكەم كەس كە پێی هەڵسا لە سەدەی شەشەمی كۆچی (سلطان مظفر) بوە)، لێرەدا جیاوازی هەیە لە نێوان مێژوو نوساندا دەربارەی ئەوەی كە كێ یەكەم كەس ئاهەنگی بۆ لە دایك بوونی پێغەمبەر ﷺ گێڕاوە، بەڵام ئەمەش پێچەوانەی بۆچونەكەی ئەوانە كە وا تێی گەیشتوون، بەڵكو یەكەم كەس كە بەم بیدعەیە هەستاون و ئەنجامیان داوە بە ڕای زۆربەی مێژوو نووسان (فاطمیەكان) بوون لە میصر، وە ئەگەرچی هەر كامێكیان بێت هیچ گرفت و ناكۆكیەك دروست ناكات دەربارەی حوكمەكەی، چونكە ئەم كارە هەر كەسێك پێی هەستابێت و ئەنجامی دابێت هەر یەك حوكمی هەیە، ئەویش ئەوەیە كە (بیدعەیە)و كەم و زۆر شەریعەتی ئیسلام پێی ڕازی نیەو بەڵكو بۆی زیادكراوە.

وە دواترو لە لاپـەڕە (٤٤)دا دەڵـێن: (ابـن اثـير لـە وەصـفی دا دەڵێـت (كـان شـجاعا عـاقلا عالمـا عـادلا شـهما) واتەپیاوێكی ئازا و جوامێر و زاناو دادپەروەر و ژیـر و زاڵ بـووە بـە سـەر دوژمنـانی دا وە هـەروەها (امـامی حـافظی ذهبي) دەڵێ لە (سير اعلام النبلاء) لە بەرگی (٢٢) لاپەڕە (٣٣٦) (كان متواظعا خيرا سنيا يحب الفقهاء والمحدثين).

دیسان ئەمەش بە هەڵەداچونێكی ترە، چونكە ئەگەر كەسێك وەصفی جوان و باشی بۆ كرا بـەو شـێوەیەو بگـرە باشترو زیاتریش باس بكرێت، مانای ئەوە نیە كە ئەو كەسە بـێ هەڵـەو پەڵەیـەو هـیچ خراپەیـەكی تێـدا نیـە، وە لـە هەمان كاتیشدا ئەمە ئەوە ناگەیەنێت كە ئەو كەسە هەر كارێك ئەنجام بدات ڕاست و دروسـت بێـت و شـەرع ڕێگـەی پێ بدات، بۆیە ئەم كارە هەر بیدعەیەو شەرعیەتی پێ نادرێت ئەگەر سەدان وەصفی لەوە جوانترو چاكترو باشتر بـۆ ئەنجام دەرەكەی بووترێت و بنوسرێت.

وە هەروەها لە لاپەڕە (٤٥)ی كتێبی ناوبراودا دەڵێن: (خاوەنی كتێبی (الاعلام بفتاوى ائمـة الاسـلام حـول مولـده عليه الصلاة والسلام) كە ناوی سەید (محمد بن علوي المالكي الحسني خادم العلم الشريف بالبلد الحرام) دەڵـێ ئەمـە ڕاست نییە كە فاطمیەكان یەكەم كەس بن یادی مەولودی پێغەمبەریان(ﷺ) كردبێتەوە).

قسەكەتان ڕاستە دەربارەی ئەم (محمد علوی)یە، كە دەڵێ ئەمە ڕاست نیە كە فاطمیەكان یەكەم كەس بن یادی مەولودی پێغەمبەریان ﷺ كردبێتەوە؛ بەڵام پێ دەچێت جەنابتان ئەم كتێبەتان بە ووردی نەخوێندبێتەوە، چـونكە ئەم پیاوە زۆر لەوە جاهیل و تێنەگەیشتووترە كە ئێوە دەڵێن، بەڵكو ئەو دەڵێت: یەكـەم كـەس كـە یـادی لـە دایـك بوونی پێغەمبەری ﷺ كردەوە؛ لە دایك بوو خۆی بوو (واتە پێغەمبەر ﷺ)، سـەیری ئـەم نـەفامی و تێنەگەیـشتنە بكەن و بزانن چ نەفامیەك لەوە خراپترە؟ وە بۆ ئەم قسەیەشی ئەوە دەكات بە بەڵگە كەوا پێغەمبەر ﷺ ڕۆژی دوو شەممان بە ڕۆژوو دەبوو! ! ! ئەمە چ تەئویل و لێكدانەوەیەكە كە دەكرێت بۆ بەڕۆژوو بوونی ڕۆژی دوو شەممە؟! !

وە هەروەها لە لاپەڕە (٥٠)ی كتێبەكەیاندا دەڵێن: (ڕێگە دان و دروست بوونی ئاهەنگ گێڕانە بە یادی لـە دایـك بوونی پێغەمبەر (ﷺ) بە پێی مەرجە شەرعی یەكان.)! ! !

لە خۆتان دەپرسم؛ كارێك كە لە بنچینەدا بیدعە بێـت چـۆن و بـە چ شـێوەیەك دەتـوانین مەرجـە شـەرعیەكانی لەگەڵدا بگونجێنین و شەرعیەتی پێ بدەین؟

وە هەروەها لە هەمان لاپەڕەدا دەڵێن: (ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەكانی ئیـسلامی وەكـو لـە دایـك بـوونی پێغەمبـەر (ﷺ) و كۆچـكردنی خـۆی و یـارانی و بـوونی بـە پێغەمبـەر و هـی تـریش بـۆ ڕۆژگـارێكی وەك ئـەمڕۆ **زۆر زۆر پێویستە**)! ! !

بەڕاستی سەیرە؛ چونكە بە پێی بۆچوون و لێكدانەوەی ئەوان بێت دیارە خواو پێغەمبەر ﷺ نەیان دەزانی كە ئەم یادو بۆنانە بۆ ڕۆژگاری ئەمڕۆ (**زۆر زۆر پێویستن**) تەنها بەڕاو بۆچوونی ئەوان نەبێت، ئەمە لە كاتێكدا هەرچـی خێرو چاكە هەیە بە گشتی و هەموو كـارێكی واجب و سـوننەت لـەم ئایینـە پـیرۆزەدا ڕوون كراوەتـەوە، ئـەی باشـە بۆچی باسی ئەم یادانە نەكراوەو پێویست و واجب نەكراوە لەسەرمان؟ یان دیارە ئەمەش لـەو نهێنیـە تـازە ئاشـكرا بوانەیە كە بەڕێزان و شارەزایان و زانایانی پڕۆژەی چرا بۆیان ئاشكرا كردووین؟! !

وە هەر لەهەمان لاپەڕەدا دەڵێن: (لە دەست دانـی ئـەم جـۆرە یادانـە بـە بیـانووی (كـل بدعـة ضـلالة) هـەموو داهێنراو و كارێكی تازە سەرهەڵدەر : گومڕاییە و بۆ نێو دۆزەخە ! ! ئەمە بڕیـارێكی سـتەمە بـە سـەر ئـەم یادانـەی بسەپێنێ، چونكە ئەم یاد و بیرەوەریانە پەیوەندیان بە خوا پەرستی و بیر و باوەڕەوە نییە..)

**وەڵام لە چەند ڕوویەكەوە:**

١- ووشەی (كل) لە زمانی عەرەبیدا هەموو شتێك دەگرێتەوەو (تفيد العموم)ە، هەروەك لە پێشتردا ئاماژەمان بە قسەیەكی شێخ (عبدالمحسن العباد[1])دا كە دەڵێت: (بەڕاستی تێگەیشتنی ڕاست لە فەرمودەی پێغەمبەر ﷺ: (وكل بدعة ضلالة) ئەوەیە كە ئەم وتەیە لەسەر گشتێتی خۆی بهێڵرێتەوە، وە هەروەها هەموو ئەو شتانەی كە لە دینی خوای گەورەدا داهێنراون بیدعەنە، وە ڕەت دەكرێنەوە بەسەر ئەو كەسەی كە هێناونیە ناو دینەوە)، ئەی كەواتە چۆن و بە چ شێوەیەك دەكرێت بەشێك لە بیدعەكانی لێ فڕێ بدەینە دەرەوەو بڵێین ئەم فەرمودەیە هەموو بیدعەیەك ناگرێتەوە؟!!

٢- وە كە دەشڵێن ئەم یادو بیرەوەریانە پەیوەندیان بە خوا پەرستی و بیروباوەڕەوە نیە، ئەی ئەم چەندەها ملیۆن دینارو دەفتەر دۆلارە لە پێناوی چیدا سەرف دەكرێت و بە هەدەر دەدرێت كە پەیوەندی بە عیبادەت و خوا پەرستیەوە نیە؟!! ئەی كە پەیوەندی بە خوا پەرستیەوە نیە ئەم هەموو پارە خەرج كردنە لە پێناوی بەزم و ڕەزم و كەیف و سەفاو خواردن و خواردنەوەیەدا ناچێتە بابی زیادەڕەوی كردن لە ماڵ سەرف كردندا؟!! ئەی خوای گەورە نافەرموێت: ﴿ وَكُلُوا۟ وَٱشْرَبُوا۟ وَلَا تُسْرِفُوٓا۟ ۚ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلْمُسْرِفِينَ ﴾[2]؟!! ئەی ئەم هەموو پارەیەی سەرف دەكرێت لە چاپكردن و بڵاو كردنەوەی پۆسكارت و پەڕۆی نوسراوو ...هتد و هەڵواسینیان لەسەر شەقام و دیواری دوكان و ماڵ و گەڕەك و كۆڵانەكان، بێ ئەدەبی كردن نیە بەرامبەر ئایەتەكانی خوای گەورەو ناوی پێغەمبەرەكەی ﷺ، كاتێك زۆربەی هەرە زۆری ئەم هەڵواسراوانە لە ڕۆژی مەولودو ڕۆژانی دوای ئەو بەردەبنەوە سەر زەوی و دەكەونە ژێر تایەی ئۆتۆمۆبێل و لە ژێر پێی خەڵكیدا دەدۆزرێنەوە، ئەی ئەمە گوناهو تاوان نییەو سوكایەتی كردن نییە بەم ئایەت و فەرمودانەی پێغەمبەر ﷺ كە لەسەریان نوسراون؟!!

٣- وە كە خواپەرستی و عیبادەت نییە وەك دەڵێن، فەرمون ئێوە لە ئاهەنگێكداو لە دوای كۆتایی هاتنی ئاهەنگەكە بە ئامادەبوان بڵێن: (ئەی خەڵكینە ئەوەی كە ئێوە تیایدا بەشدارو ئامادە بوون، وە ئەو پارەو ماڵ خەرج كردن و كات بە فیڕۆدانەتان هیچ بۆتان بە خوا پەرستی و عیبادەت نەنوسراوەو تەنها بریتی بووە لە خواردن و خواردنەوەو بەسەر بردنی چەند ساتێكی خۆش)، ئنجا دەزانن و بۆتان ڕوون دەبێتەوە كە ئەم خەڵكە چیتان پێ دەڵێن؟ وە كە خەڵكی بۆی ڕوون كرایەوە كە ئەمە تەنها ماڵ بە فیڕۆ دان و مەسرەفێكی بێ سوودە، چۆن ماڵ و سامانی خۆی پەخشان و بڵاو دەكات و دەی بەخشێت كاتێك بزانێت كە بۆ قیامەتی هیچ سوودو كەڵكێكی لێ

---

[1] ناوی (عبدالمحسن بن حمد بن عبدالمحسن بن عبدالله بن حمد بن عثمان آل بدر)ە، لە (٣/رمضان/١٣٥٣)ی كۆچی لە دایك بووە، وە هەر لە سەرەتای دامەزراندنی زانكۆی ئیسلامی لە مەدینەی منەوەرە لە ساڵی (١٣٨١)ەوە تا ئێستا وەك مامۆستا لەو زانكۆیە بەردەوامەو وانەی تیادا دەڵێتەوە، وە لە مانگی موحەرەمی ساڵی (١٤٠٦)ی كۆچیەوە تا ئێستاو بەردەوام وانەو دەرسی شەرعی لە مزگەوتی پێغەمبەر ﷺ لە مەدینە دەڵێتەوە، وە تا ئێستا صەحیحی بوخاری و صەحیحی موسلیم و سونەنی ئەبو داودو نەسائی و سێ بەش لە سونەنی تورمزی شەرح كردووە، وە شێخی ناوبراو تا ئێستا لە ژیاندا ماوەو چەندەها كتێب و لێكۆڵینەوەو نامیلكەی بڵاوكراوەی هەیە، وە هەموو بابەتكانی لە ساڵی (١٤٢٨)ی كۆچیداو لە (٨)موجەلەدی گەورەدا كۆكراونەتەوەو بەسەر یەكەوە بڵاوكراونەتەوە، خوای گەورە بیپارێزێت و تەمەن درێژو لەش ساغی بكات بۆ زیاتر خزمەت كردنی قورئانی پیرۆزو سوننەتی صەحیحی پێغەمبەر ﷺ.

[2] الأعراف: ٣١

نابینێت؟!! وە ئێوە بەو شێوەیە تێیان بگەیەنن بزانن لە داهاتوودا چەند کەس بەشدای دەکات لەو بۆنەو یادە بێ کەڵك و زیاد کراوانەی کە جەنابتان باسی لێوە دەکەن؟!!

پاشان دێنە سەر بابەتێکی ترو دەیانەوێت قسەی چەند زانایەکی سعودی بهێننەوە بۆ ئەوەی بیسەلمێنن کە مەولود خوێندنەوەو ئاهەنگ گێڕان بۆ یادی لە دایك بوونی پێغەمبەر ﷺ بیدعە نیەو بەڵکو شتێکی ڕێگە پێدراوو دروستە، وە قسەی ئەم زانایانەش بە گومانی خۆیان بۆیە دەهێننەوە کە گوایە شوێن کەوتوانی ڕاستەقینەی سوننەتی پێغەمبەر ﷺ تەنها گوێڕایەڵی زانایانی سعودی دەکەن و بێ بەڵگە شوێن ووتەو فەتواکانیان دەکەون، ئەمە لە کاتێکدا هەڵگران و شوێن کەوتوانی سوننەتی صەحیحی پێغەمبەر ﷺ شوێن بەڵگەی ڕاست و دروست دەکەون و ووتەی هەر زانایەك کە پێچەوانەی سوننەت بێت ڕەتی دەکەنەوەو شوێنی ناکەون، جا ئەم ووتەو فەتوایە هی هەر زانایەك بێت و لە هەر سەردەم و کاتێکدا ژیابێت، وە ئەمەش خۆی لە خۆیدا جێ بەجێکردنی ووتەی زاناکان خۆیانە، چونکە ئەوان ڕازی نابن کە لە شتێکدا هەڵەیان کردووە شوێنیان بکەوین، بەڵکو فەرمانمان پێ دەکەن و ئامۆژگاریمان دەکەن کە شوێنی بەڵگەو سوننەتی صەحیحی پێغەمبەر ﷺ بکەوین، وە بۆ ئەوەی زیاتر لەم بابەتە شارەزابن و بزانن بگەڕێنەوە لاپەڕە (٣٦-٤٥)ی ئەم کتێبەی بەر دەستت کە فەتوای پێشەوایانی هەر چوار مەزهەبەکەی تێدایە دەربارەی ئەوەی کە شوێن ئەو فەتوایانەیان نەکەوین کە نەیان پێکاوەو پێچەوانەی سوننەتە، وە بە دڵنیاییەوە هیچ زانایەك کە لە هەر سەردەمێکدا بووبێت هەمان بۆچونی ئەوانیان هەیەو نابێت شوێنیان بکەوین لەو فەتوایانەی کە نەیان پێکاوە یان پێچەوانەی سوننەتی صەحیحی پێغەمبەرە ﷺ، وە ئەهلی سوننە لەسەر ڕێ ڕۆشنی و بەڵگە دەڕۆن و بێ بەڵگە فەتوا لە هیچ کەسێك وەرناگرن، کە ئەمەش قسەیەکی ناڕەوایە بەرامبەر ئەهلی سوننە دەیکەن وتاوانێکی زۆر گەورەیەو حوکمەکەی بۆخۆتان بە جێ دەهێڵم!!!

وە ڕەوانە کردنی خەڵکیش بۆ جەهەننەم و خەڵك بە کافر دانان و تۆمەتی شیرك و کوفر دانە پاڵیان، کاری هەڵگران و شوێن کەوتوانی ڕاستەقینەی سوننەتی پێغەمبەر ﷺ نییە، بەڵکو ئەمە کاری جەنابتان و پێشەواکانتانن کە ئەم حوکمانە دەدەن بەسەر خەڵکداو بە پێ خواسی و ئارەزووی خۆتان دەکەونە ناو دین و بە پێی پێویستی خۆتان و خۆ گونجاندنتان لە گەڵ سەردەمدا فەتوای پێ دەدەن.

ئینجا باسی ئەو سێ زانایە دەکەن و لە لاپەڕە(٥٢)ی کتێبەکەیاندا دەڵێن: (ئەم سێ ڕاو بۆچوونی ئەم زانایانەی سعودیش بۆیە بۆ ئەو جۆرە کەسانە دێ نینەوە چونکە زیاتر باوەڕ ومتمانە یان بە ڕای کەسی دیاری کراو هەیە نەك بە (ئایەت و حەدیث) چونکە ئەکرێ (ئایەت و حەدیث تاویل) بکرێن یان بە بیانووی (زەعیفی سەنەدی حەدیث، حەدیثەکە) <u>**تێ هەڵدرێت**</u> بەڵام کە (شێخ فلان) فەرمووی بێت ئەوە قسە لە قسەی ناکرێت بەهێزترین بەڵگەیە لای ئەوان!!)

سەرەتا پێتان دەڵێم: ﴿ سُبۡحَٰنَكَ هَٰذَا بُهۡتَٰنٌ عَظِيمٞ ﴾، چونکە وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا کە هەڵگران و شوێن کەوتوانی سوننەتی صەحیحی پێغەمبەر ﷺ هیچ قسەیەکی بێ بەڵگە قەبوڵ ناکەن و دەمار گیریان نیە بۆ ووتەو فەتوای هیچ زاناو پێشەوایەك لە پێشەوایانی کۆن و تازەش ڕەحمەتی خوایان لێ بێت، وە بەڵکو گەورەترین بەڵگە لای ئەوان بریتیە لە قورئان و فەرمودەی صەحیحی پێغەمبەر ﷺ، وە هیچ ئایەت و فەرمودەیەکیش تەئویل ناکەن بە شێوەیەکی نادروست و بە پێچەوانەی مەبەستی پێغەمبەر ﷺو ئەوەی کە پێشەوایانمان لێی تێگەیشتون، وە

هەر فەرمودەیەکی ڕاست و صەحیحیش هەبێت ئەوا وەری دەگرن و کاری پێ دەکەن، نەك بەو بێ ڕێزی و بێ ئەدەبیەی کە جەنابتان دەڵێن (حەدیثەکە تێ هەڵدەدرێت)!!! پەنا بەخوا لەسەر لێ شێواوی.

**وە ووتەی زاناکان کە هێناویانن ئەمانەن:**

**شوبهەی یەکەمیان ئەوەیە کە دەڵێن**: زانکۆی (ئیمام محمد سعودی ئیسلامی) بە یادو بیرەوەری هەر یەکێك لە شێخ محمد عبدالوهاب و مەلیك عبدالعزیز – ڕەحمەتی خوایان لێ بێت –هەست و بانگەوازی تێکرا بێ نوسەرو بیرمەندەکانیان کرد بۆ ئەو بیرەوەریە مێژوویە گەورەیە و سەرەڕای ئاهەنگ گێڕانی ساڵانەیان بە ڕۆژی نیشتمانی ڕۆژی دامەزراندنی مەملەکەت لەسەر دەستی مەلیك عبدالعزیز.......) (حوکمی ئاهەنگ گێڕان ل٥٢).

لە وەڵامی ئەم شوبهەیەدا دەڵێین:

١– کاتێك زانکۆیەك هەڵدەستێت بە بەستنی کۆڕو سیمینارو لێکۆڵینەوەی لەم جۆرە بابەتانە، ئەوە بڕیارێکی تایبەتی خۆیەتی دەری دەکات یان بڕیارێکی حکومەتە جێ بەجێی دەکات، وە بڕیاری زانکۆیەك یان هەر حکومەتێك نابێت بە بەڵگەی شەرعی و حوکمی شەرعی لەسەر بنیات نانرێت، وە هیچ زانایەکیش لە گەورە زانایانی سعودی نەیان وتووە مادام بۆ ئەوان درووستە ئەوە بۆ پێغەمبەریش ﷺ دروستە.

٢– وە ئاهەنگ گێڕانیش بە بۆنەی ڕۆژی نیشتمانی و ڕۆژی دامەزراندنی مەملەکەت چ پەیوەندیەکی بە ئاهەنگ گێڕانەوە هەیە بە بۆنەی لە دایك بوونی پێغەمبەر ﷺ؟!! وە وەك پێشتریش ئاماژەمان پێدا بڕیارو کاری حکومەت نابێت بە بەڵگە بۆ شەرعیەت دان بە بیدعەیەك ئەمە لە لایەك، لە لایەکی تریشەوە خۆ کاربەدەستانی حکومەتی سعودی سەرچاوەی فەتوا نین، وە هەروەها مەعصوم و پارێزراویش نین لە تاوان تا بڵێین کارەکەیان قەبوڵەو لێیان وەردەگیرێت، بەڵام دیارە ئێوە پێتان وایەو ئەوان بە مەعصوم و بێ تاوان دەزانن بۆیە کارەکەیان بە بەڵگە دەهێننەوە!!!

٣– وە هەروەها ئەو سەرچاوەیەی کە ئێوەئەم شوبهانەتان لێ وەرگرتوون و دووبارەیان دەکەنەوە لێتان وەر ناگیرێت، چونکە ئەوانە دژایەتیەکی گەورەی شوێن کەوتوانی سوننەتی صەحیحی پێغەمبەر ﷺ دەکەن و دڵیان نەخۆشەو شوێن هەواو ئارەزووی نەفسیان کەوتوون، وە پێویست بوو لەسەرتان هەموو ئەو بەناو بەڵگانە لە کتێبی زاناکان خۆیانتان وەرگرتبایەو گەڕابانەوە سەر ووتە ڕاست و دروستەکانی ئەوان.

٤– وە ئەم کۆڕو سیمینارە هەفتەییەی کە بۆ ئەم پیاوە بەڕێزە بەستراوە، لە بۆنەیەکی تایبەتدا نەبووە وەك ئەوەی لە ساڵڕۆژی یادی لە دایك بوونیدا بووبێت یان لە یادی ئەم ڕۆژەدا بووبێت کە تێیدا کۆچی دوایی کردووە، بەڵکو لە ڕۆژێکی ئاسایی لە ڕۆژەکانی ساڵدا بەستراوەو ڕۆژێکیشی بۆ دیاری نەکراوە تا ساڵانە لەو ڕۆژەدا یاد بکرێتەوە، وە یادکردنەوەکەش بۆ ڕەواندنەوەو ڕوونکردنەوەی ئەو شوبهەو گومانانە بووە کە لەسەر بانگەوازو مەنهەجی شێخ محمدی کوڕی عبدالوهاب هەبووە لە لایەن خەڵکانی دڵ نەخۆش و بیدعەچیەکانەوە.

٥– وە هەروەها دەربارەی ئەم کۆڕ گرتنە هەفتەییەی[3] کە بۆ شێخ محمدی کوڕی عبدالوهاب بەستراوە، پرسیار کراوە لە شێخ محمد بن صالح العثیمین ڕەحمەتی خوای لێ بێت کە پرسیارەکە بەم شێوەیەیە : جیاوازی چیە لە

---

[3] ئەم کۆڕ بەستنە هەفتەییە کە بۆ زانای پایە بەرزو نوێکەرەوەی سەدەی دوانزە شێخ محمدی کوڕی عبدالوهاب ڕەحمەتی خوای لێ بێت بەستراوە، بۆ ئەوە بووە کە بیرو باوەڕو مەنهەجی ئەم پیاوە ڕوون بکەنەوە، چونکە بەردەوام و لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا خەڵکێکی زۆر لە ئەهلی بیدەع و بیدعەچیەکان و ئەوانەی بانگەشەو بانگەوازی بۆ حزبایەتی و کۆکردنەوەی خەڵك و بەکارهێنانیان بۆ مەبەستی

نێوان ئەوەی کە ناو دەبرێت بە هەفتەی محمدی کوڕی عبدالوهاب ڕەحمەتی خوای لێ بێت لەگەڵ ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەی لە دایك بوونی پێغەمبەر ﷺ؟

لە وەڵامدا شێخ ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێت: جیاوازی نێوانیان بە پێی ئەو عیلم و زانیاریەی ئێمە هەمانە لە دوو ڕووەوەیە:

یەکەمیان: ئەو هەفتەیەی کە بۆ محمدی کوڕی عبدالوهاب گێڕدراوە دووبارە نابێتەوەو ناگەڕێتەوە وەك چۆن جەژنەکان دەگەڕێنەوە، بەڵکو ئەمە ڕوون کردنەوەیەکە بۆ خەڵکی دەربارەی ئەو شتانەی کە لەسەری نوسراوە، لەگەڵ ڕوونکردنەوەی زیاتر لەسەر ئەم پیاوە کە لە لای زۆر خەڵکی نەناسراو بووە، پاشان ئەم کارە کۆتایی پێ هاتووەو بڕاوەتەوە.

دووەمیان: ئەو هەفتەیەی کە بۆ محمدی کوڕی عبدالوهاب ڕەحمەتی خوای لێ بێت بەستراوە، بۆ نزیك بوونەوە لە خوای گەورە نەبەستراوە، بەڵکو مەبەست تێیدا لابردنی ئەو شوبهەو گومانانە بووە کە لە هەست و نەستی هەندێك لە خەڵکیدا هەبووە دەربارەی ئەم پیاوە.

وە ئەمە فەتوای ئەو زانا بەڕێزو شارەزایەیە کە جەنابتان دەڵێن: نەك تەنها جێی متمانەی خەڵکی سعودی بەڵکو هی هەموو جیهانی ئیسلامیە، وە بینیتان نە ئەوەیانی بە یادو بۆنەو جەژن لە قەڵەم داو نە مەولود خوێندنەوەو ئاهەنگ گێڕانیشی بۆ لە دایك بوونی پێغەمبەر ﷺ قیاس کرد لەسەر ئەمەیان، بەڵکو بە پێچەوانەوە.

**<u>وە لە شوبهەی دووەمیاندا دەڵێن</u>**[٧٧]: (پرسیار لە شێخ محمد صالح عوسەیمین کراوە : ئایا بەرپاکردنی ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەی تەواو کردنی خەتمی قورئان وبۆنە دڵ خۆش کەرەکانیتر وەکو دەرچوون و هاتنەوەی یەکێك کە لێرە نەبووە ئەکەوێتە بواری زێدەڕۆیی ؟)، دواتر دەڵێن: (شێخ لە وەڵامیا فەرموویەتی : بەرپاکردنی ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەی هاتنەوەی یەکێك لە سەرکەوتنی ئەو جۆرە شتانە قەیدی ناکات و هیچی تێدا نییە.......هتد)، وە پاشان دەڵێن: (گومانی زاڵ : ئاهەنگ گێڕان بەو جۆرە بۆنانە، واتە بۆنەی ئەو دڵخۆشیانە ناکەوێتە بواری خۆ نزیك خستنەوە لە خوا بەڵکو دەرخستنی خۆشی و شادی یە هیچی تێدا نییە، خوداش زاناترە.) (حوکمی ئاهەنگ گێڕان ل٥٣).

وەڵامی شوبهەی دووەم:

١- دیسان پرسیارتان لێ دەکەم بۆچی نەگەڕانەوە سەر کتێب و فەتواو بڵاو کراوەکانی شێخ محمد بن صالح العثیمین ڕەحمەتی خوای لێ بێت و بە دوایدا نەگەڕان تا بەڕاستی بزانن شێخ ئەم فەتوایەی داوە یان نا؟ وە ئەگەر داویەتی چۆنەو مەبەستی چیە؟ وە وەك پێشتریش ئاماژەمان پێدا کە وتەی زانایان لەم جۆرە بابەتانەدا لە خۆیان یان لە بڵاوکراوەکانیان وەر دەگیرێت، نەك لە کەسانی دڵ نەخۆش و دژ بە مەنهەج و ڕێبازی زانایان.

٢- وە ئەگەر دەتوانن و بەلاتانەوە ئەزیەت نییە، بگەڕێنەوە سەر فەتواو کتێب و نوسراوەکان و ووتارو دەرسەکانی شێخ ڕەحمەتی خوای لێ بێت بۆتان دەردەکەوێت و دەبینن چەندە لەسەر مەولود خوێندنەوەو ئاهەنگ

---

تایبەتی خۆیان لەسەر ئەم زانا بەڕێزەو مەنهەجەکەی کە قورئان و سوننەتی صەحیحە دەنوسن و بڵاوی دەکەنەوە لە کتێب و ڕۆژنامەو گۆڤارەکانیان و بڵاوکراوە حزبی و تایبەتەکانیان و دەیانەوێت لەکەداری بکەن و خەڵك دوور بخەنەوە لەو مەنهەجە ڕاست و دروستەی کە لەسەری بووە، وە ئەو کۆڕەش کە بەستراوە ساڵانەو بە بۆنەی لە دایك بوونی دووبارە نابێتەوەو نەکراوە بە یادێك، بەڵکو تەنها بۆ ئەوەیە کە ناحەزانی لە ئەهلی بیدەع و ئەوانەی شوێن هەواو ئارەزووی خۆیان کەوتوون ئەم پیاوە لە نزیکەوە بناسن و بزانن کە خاوەنی چ مەنهەجێکی پاك و بێ خەوشە، وە واز بهێنن لەو بوهتان و بێ ڕێزیەی کە بۆ خۆی و مەنهەجەکەی دەکرێت.

گێڕان بە بۆنەی لە دایك بوونی پێغەمبەر ﷺو بۆنەو یادە بیدعی و داهێنراوەکانی تر قسەی کردووەو لەسەریان دواوە، لەوانە: نامیلکەیەکی سەربەخۆی نوسیوە بە ناوی (حكم الاحتفال بالمولد النبوي)، وە هەروەها بابەتێکی تر بەناوی (بدعة أعياد الميلاد)، وە لە ناوەڕۆکی چەندین بڵاو کراوەو نوسراوی تریدا باسی ئەم بابەتەی کردووە، وەك (المتابعة وقبول العمل)، وە هەروەها لە چەندەها شوێنی ترو لەناو ئەو فەتوایانەی کە داونی و پرسیاری لێ کراوە دەربارەی بیدعەی مەولود خوێندنەوەو ئاهەنگ گێڕان.

کەوابو مادام شێخ عثيمين لەم هەموو فەتواو بڵاوکراوانەداو بەم شێوەیە باسی مەولود خوێندنەوەو ئاهەنگ گێڕانی کردبێت بە بۆنەی لە دایك بوونی پێغەمبەر ﷺو حوکمی بیدعەی دابێت بەسەریدا، چۆن و بە چ شێوەیەك دەکرێت بڵێین شێخ عثيمين ڕەحمەتی خوای لێ بێت فەتوای داوە کە مەولود خوێندنەوەو ئاهەنگ گێڕان دروستەو هیچی تێدا نیە؟!! ئەی ناترسن ئەمە بوهتان بێت و بەدەم ئەم زانا پایە بەرزەوە کرابێت و ئێوەش دووبارە بڵاوی دەکەنەوە بۆ شەرعیەت دان بە بیدعەکەتان و هێنانەدی مەرامەکانتان؟!! ئەی بۆ نایەن بە ووردی هەموو فەتواکانی شێخ بخوێننەوە تا بۆتان دەرکەوێت کە ناوبراو چەندە دژی بیدعە بووەو چۆن ئەوەی کە ئێوە پێی هەڵدەستن و حەڵاڵتان کردووە؛ ئەو خستوویەتە ناو بازنەی بیدعەکانەوە بە بەڵگەی قورئان و سوننەت؟!!

٣- وە هەروەها شێخ عثيمين ڕەحمەتی خوای لێ بێت ئەندامی دەستەی گەورە زانایان بووە، وە کە دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ فەتواو بڵاوکراوەکانی ئەم دەستەیە، ئەوا بۆتان دەردەکەوێت و ڕوون دەبێتەوە کە لە چەندەها فەتواو بڵاوکراوەیاندا ئاماژەیان بەوە کردووە کە بەڵێ مەولود خوێندنەوەو ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەی لە دایك بوونی پێغەمبەر ﷺ بیدعەیەو ئایینی پیرۆزی ئیسلام بێ بەریە لێی.

**وە لە شوبهەی سێیەمیاندا** باس لە چاوپێکەوتنێك دەکەن کە لەگەڵ شێخ عبدالعزيز محمد ابراهيم آل الشيخ کراوەو دەیکەن بە بەڵگە کە گوایە شێخ ڕێگەی بە مەولود خوێندنەوەو ئاهەنگ گێڕان داوەو دەڵێت دروستە؛ لە وەڵامیاندا دەڵێین:

١- وەڵامی شێخ خۆی لە خۆیدا وەڵامە بۆ جەنابتان کە یادکردنەوەی ئەم بۆنەیە بیدعەیەو پەیوەندی بە شەرعەوە نییە، وەك وەڵامەکەی ئەوتان نوسیوەتەوەو دەڵێن: (پاش ئەوەی کە ئەڵێ : پێغەمبەر ئاماژەی بە کارێکی وا نەکردووە و (خولەفایە) کانیش لە دوای ئەو ئاهەنگیان بە لە دایك بوونی ئەو نەگێڕاوە، زانا پایەدارەکانی ئیسلامیش پەیڕەوی ئەوانیان کردووە ئەگەر کارێکی خێر بوایە ئەوان دەست پێشخەرییان لێ ئەکرد !! ئەمە لەم چەرخانەی دوایی پەیدا بوو ئاشکرا بوون و سەرهەڵدانی ئەو (بیدعەیە) پێچەوانەی ئەوەی سەلەفی صالح لە سەریەوەن.) (حوکمی ئاهەنگ گێڕان ل٥٤).

سەیرکەن و بزانن ئەوان هەستاون بە خوێندنەوەو سەر لەنوێ نوسینەوەی فەتواکەی شێخ، کەچی لە هەمان کاتیشدا لە ناوەڕۆکەکەی نەگەیشتون و لێی حاڵی نەبوون، یان بە پێچەوانەوە لێی تێگەیشتوون و مەبەستی شێخیان زانیوە، بەڵام دەیانەوێت ماناکەی بگۆڕن و خەڵکی پێ چەواشە بکەن!! چونکە ئەگەر لە ناوەڕۆکی وەڵامەکە وورد بیتەوە زۆر بەڕوون و ئاشکرایی دەردەکەوێت کە شێخ بە تەواوی بیروبڕواو قەناعەتەوە پێی وایە کە مەولود خوێندنەوەو ئاهەنگ گێڕان بەو بۆنەیەوە بیدعەیە، هەروەك چۆن لە وەڵامەکەدا ئاماژەی پێ دەکات.

وە با وەڵامی ئەم زانایە شی بکەینەوەو بزانین وەڵامەکەی بەم شێوەیە کە بەڕێزان و زاناو مامۆستاو شارەزایانی پڕۆژەی چرا لێی تێگەیشتوون یان بە پێچەوانەوە؟

ئەوان دەڵێن: (شێخ دەڵێت: پێغەمبەر ئاماژەی بە کارێکی وا نەکردووە و (خولەفایە)کانیش لـە دوای ئـەو ئاهەنگیان بۆ لە دایك بوونی ئەو نەگێڕاوە).

خوێنەری بەڕێز: جوان وورد بەرەوە لەو بەشەی فەتواکەی شێخ و بزانە هیچ ئاماژەیـەکی تێدایـە کـە ئـەم مەولود خوێندنەوەو ئاهەنگ گێڕانەی بەلاوە پەسندو باش بێت؟ یـان ڕێگـەی پێـدابێت؟ بـەڵکو بـە پێـچەوانەوە ئـەو دەڵێـت: نـە پێغەمبـەر ﷺو نـە خەلیفـە بـەڕێزەکانی ڕەزای خوایـان لـێ بێـت ئـەنجامیان نـەداوە. ئـەی ئێـوە ئـەم تێگەیشتنە تایبەتیەی خۆتان لە کوێوە هێنا؟!! ئەی ئێـوە چـۆن تێگەیـشتن کـە ئـەم کـارەی ئـەنجامی دەدەن بـۆ ئەمرۆ سوننەتەو بگرە واجبـەو زۆر زۆر پێویستە؟!! وە بیـستتان کـە نـە پێغەمبـەر ﷺو نـە خەلیفـە بـەڕێزەکانی ڕەزای خوایان لێ بێت ئەنجامیان نەداوە، ئەی نەتان بیستووە کە پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: (عليكم بـسنتي وسـنة الخلفاء الراشدين المهديين من بعدي، تمسكوا بها و عضوا عليها بالنواجذ، و إياكم ومحـدثات الأمـور، فـإن كـل محدثـة بدعة، وكل بدعة ضلالة)[4]؟!! ئەوەتا شێخ حسين العوايشة دەربارەی بڕگـەی (إياكم ومحدثات الأمور) دەڵێـت: (اجتنـب البدعة المحدثة؛ تنجُ و تَفُز، فالبدعة هي سرّ الضلال والزيغ والخسران، ومجلبة للشرك والكفران، فمـن أغلـق بابهـا فقـد اهتدى بإذن الله، ومن فتح بابها، فقد فتح عليه ابواب الضلال، وحرم التوبة، كمـا في الحـديث: (إنّ الله احتجـز التوبـة عن صاحب كل بدعة)[5]، واتە: (خۆت بپارێزەو دوور بکـەوە لـە بیدعـەو کـاری داهێنـراو؛ ڕزگـارت دەبێـت و سـەرفراز دەبیت، چونکە بیدعە هۆی سەرەکی گومڕایی و نەخۆشی و خەسارەت مەندیە، وە ڕاکێشەرو هۆی کەوتنە ناو شـیرك و کوفرەوەیە، وە هەر کەسێك دەرگای بیدعە دابخات ئەوە بەڕاستی هیدایەت دراوو ڕێنومایی کراوە بە ویستی خوای پـەروەردگار، وە هـەر کەسـێکیش دەرگاکـەی بکاتـەوە، ئـەوە بەڕاسـتی دەرگـای گـومڕایی لەسـەر دەکرێتـەوە، وە دەرگای تەوبەشی لەسەر دادەخرێت، وەك لە فەرمودەی پێغەمبەردا ﷺ هاتووە، (بەڕاستی خـوای گـەورە دەرگـای تەوبەی داخستووە لەسەر خاوەنی هەموو بیدعەیەك)[6].

وە پاشان شێخ دەڵێت: (زانا پایەدارەکانی ئیسلامیش پەیڕەوی ئەوانیان کردووە ئەگەر کارێکی خێر بوایە ئەوان دەست پێشخەریان لێ دەکرد!!).

ئەمەیە فەتوای شێخ و هەڵوێستی زانا پایەدارو ڕاستەقینەکانی ئیسلام ڕەحمەتی خوایان لێ بێت، کە هیچ کاتێك کارێك ئەنجام نادەن کەوا پێغەمبـەر ﷺو خەلیفـەو هاوەڵـە بـەڕێزەکانی ڕەزای خوایـان لـێ بێـت ئـەنجامیان نەدابێت و پێی هەڵنەستابن.

وە شێخ لە کۆتایی فەتواکەیدا دەڵێت: (ئەمە لەم چەرخانەی دوایی پەیا بـوو ئاشـکرا بـون و سـەرهەڵدانی ئەو (بیدعەیە) پێچەوانەی ئەوەی سەلەفی صالح لەسەریەوەن).

بەڕاستی ئەگەر بەڵگەتان دەوێت و بە شوێنیدا دەگەڕێن و شێرو ڕێوی ناهێننـەوە بـۆ شـەرعیەت دان بـەم بیدعەیە، ئەوە ئەم بڕگەیەی کۆتایی فەتواکەیتان بەسە کە دەڵێـت: لـەم چـەرخانەی دوایـی پەیـدا بـووەو بیدعەیـەو

---

[4] سبق تخريجه

[5] سبق تخريجه.

[6] فقه الدعوة وتزكية النفس، ص(٣١٣).

پێچەوانەی ئەوەیە كە سەلەفی صالح لەسەری بوون، وە نەك هەر بە باشی نەزانی وەك جەنابتان گومان دەبەن، بەڵكو بەو پەڕی ڕاشكاوی و ئاشكراییەوە حوكمی بیدعەی بەسەردادا.

وە بڕگەی كۆتاییش ئەگەر قسەی ئەو بێت –چونكە ئێوە ئەم فەتوایەتان ڕاستەخۆ لە كتێب و فەتواو بڵاوكراوەكانی ئەو وەرنەگرتووە بەڵكو لە كەسێكتان وەرگرتووە وەك پێشتر وتمان دژی هەڵگرانی سوننەتی پێغەمبەرە ﷺ–، بەڵام دیسان ئەویش هەر شتی لەسەرە بەوەی كە دەڵێت: (نەك لەبەر ساڵ وەرسوڕانەوە یان مانگ وەرسوڕانەوە یا گەڕانەوەی هەفتە، هیچی تیانیە ئەگەر بریتی نەبێت لە كاری ناپەسندو حەرام هەروەكو ئەو ئاهەنگانەی لە هەندێ وولاتی ئیسلامی دەگەڕێ).

لێرەوە پرسیار لە بەڕێزانی پڕۆژەی چرا دەكەم و دەڵێم: ئایا ئێوە هەموو ساڵێك و لە كاتی وەرسوڕانەوەی ساڵ و هاتنەوەی مانگی ڕەبیعی یەكەم ئەم ئاهەنگە ناگێڕن؟!! وە ئایا بە چەند ڕۆژ یان بە چەند هەفتەو بگرە بە مانگێكیش پێش هاتنی مانگی ڕەبیعی یەكەم خۆتان بۆ ئەم بۆنە بیدعی و ناشەرعیە ئامادە ناكەن، هەروەك چۆن پێشەواكەتان لەو بوارەدا (سلطان مظفر) بە زیاتر لە مانگێك پێش هاتنی، خۆی بۆ ئامادە دەكرد؟!!وە ئایا كاری ناپەسندو حەرام و نابەجێی تێدا ناكەن و ئەنجام نادەن؟!! وە ئایا لە ئاهەنگەكانی ئێوەدا گۆرانی و مۆسیقاو بابەتی خوڕافی و هۆنراوەی وای تێدا ناخوێنرێنەوە كە زیادەڕەوی زۆری تێدایە لەسەر پێغەمبەر ﷺ؟!! وە ئایا زیادەڕەوی زۆری تێدا نیە لە ماڵ سەرف كردن و بە زایەدانی ماڵ و سامان؟!! دڵنیام هەر كەسێك كە بە ئینساف و ویژدانەوە لێیان بڕوانێت بۆی دەردەكەوێت كە بەڵێ پڕیەتی لە هەموو ئەو زیادەڕەویانەو بگرە زۆر زیاتریش لەوانە، وە ئەمەش پێچەوانەی ئەو بەشەی فەتواكەیە كە پێشتر باسكرا. وە هەروەكو دەبینین زۆرێك لە بەناو سروود بێژو هونەرمەندەكان شارەو شار دەكەن و ئاهەنگ دەگێڕن بەو بۆنەیەو كوڕو كچی خەڵك تێكەڵ دەكەن و چەندەها گوناهو تاوان و سەرپێچی فەرمانەكانی خواو پێغەمبەر ﷺ لەم ئاهەنگانەدا بەدی دەكرێن و تیایاندا ئەنجام دەدرێن.

٢– وە دەڵێن: (شێخ عبدالعزیز محمد ابراهیم آل الشیخ : ڕێگای داوە بە گردو كۆبونەوەی خەڵكی لە ڕۆژێك لە ڕۆژان نمونەشی بە مەولودی پێغەمبەر هێناوەتەوە) (حوكمی ئاهەنگ گێڕان ل٥٥). ووردبنەوەو بزانن لە كوێوە بە چ شێوەیەك ڕێگەی بە مەولود داوە؟ بۆچی خۆتان پرسیار لە شێخ یان هەر زانایەكی تری شارەزا ناكەن و مەولود خوێندنەوەی خۆتانی بۆ باس بكەن بزانن بە چ شێوەیەك وەڵامتان دەداتەوە؟ ئایا بەم شێوازەی ئێوە وەڵام دەداتەوەو بە كارێكی شەرعی دەزانێت و دەست خۆشیتان لێ دەكات؟ یان بە پێچەوانەوە حوكمی بیدعەی بەسەردا دەدات و بۆتان ڕوون دەكاتەوەو دەیسەلمێنێت كە هیچ پەیوەندیەكی بە ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە نیەو بە تەواوی مانا پێچەوانەیەتی؟!!

٣– وە هەروەها كە دەڵێن: (ئامانج و مەبەستی شێخ عبدالعزیزو (مەولود) كاران هەر یەكە، بەڵام مەگەر ئامراز و شێوازی خڕبوونەوە و خۆشیەكە جیا بێت وەكو هی شێخ عوسەیمین : بۆنەی سەركەوتنمان هەیە ولە دایك بوونی پێغەمبەریشمان هەیە !! ئاهەنگەكە بۆ ئەو بكرێ یا بۆ ئەوی تر جیاوازی چی یە ؟ هیچ !!............هتد).

لە خۆتان دەپرسم: كوا ئەو هاو ئامانجی و هاو مەبەستیەی كە لە نێوان شێخ عبدالعزیزو مەولودكاراندا هەیە؟ بۆ ڕونتان نەكردەوە تا ئێمەو خوێنەرانیش لێی تێگەیشتباین؟ یان دەتانەوێت بە قسەی باق و بریقەدارو بێ بەڵگە خەڵكی پێ لە خشتە ببەن؟!!

وە هەروەها ئەو نەبوونی جیاوازیەتان لە کوێ هێنا کە دەڵێن: جیاوازی نیە لە نێوان فەتواکەی شێخ عثیمین و مەولودەکەی ئێوەدا؟!! یان پێچواندنی ئەو بۆنە نیشتمانیەو مەولود خوێندنەوەو ئاهەنگ گێڕانەتان بۆ لە دایك بوونی پێغەمبەر ﷺ لە کوێوە هێنا؟!! وە ئەو ووشەی (هیچ)ەتان لە کوێوە هێناوە کە پێتان وایە (هیچ) جیاوازیەك نیە لە نێوانیاندا؟ وە پێمان بڵێن لە چ زاناو شارەزایەکتان وەرگرتووە؟!! یان هەر ڕاو بۆچوونی جەنابتانەو ئیجتهادی خۆتانەو تازە بە تازە ئێوە (پەی)تان بەو نهێنیە بردووەو حەڵاڵتان کردووە، لە کاتێکدا پێغەمبەر ﷺو خەلیفەکان و هاوەڵان ڕەزای خوایان لێ بێت و پێشەوایانی چوار مەزهەبەکەو زانایانی هەرسێ سەدە پیرۆزەکە ڕەحمەتی خوایان لێ بێت باسیان نەکردووەو ئەم ئیجتهادەی ئێوەیان نەکردووە، کە ئەمەش دوو شت دەگەیەنێت:

<u>یەکەم</u>: یان ئەوان ئەمەیان زانیوەو بەڵام لە ئێمەیان شاردۆتەوەو باسیان نەکردووە، کە ئەمەش حاشا لەوان لەوەی کە بەشێك لە دینیان لە خەڵك شاردبێتەوەو ڕوونیان نەکردبێتەوە.

<u>دووەم</u>: وە یان ئێوە لەوان شارەزاترن و درکتان بەم بابەتە کردووەو زانستی ئێوە لە هی ئەوان فراوانترە؟ کە ئەمەش بە کەم زانین و کەم دانانی زانستی ئەوانە، چونکە ناکرێت شتێك بەو شێوەیە واجب بێت —بەو شێوەیەی ئێوە گومان دەبەن— و ئەوان لێی بێ ئاگا بووبن و هەستیان پێ نەکردبێت.

کەوابوو پێویستە بەخۆتاندا بچنەوەو واز بهێنن لەو بۆچوونە هەڵەیەی کە هەتانەو بگەڕێنەوە سەر سوننەتی ڕاست و صەحیحی پێغەمبەر ﷺو دوور بکەونەوە لە بیدعەو هەموو ئەو کارو کردەوە داهێنراوانەی کە بەناوی ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە هێنراونە ناو دین و لە بنچینەشدا لە دیندا نین.

وە دواتر دەڵێن: (دوا بە دوای ئەمە گەر سەرنج بدەینە ناوەرۆکی یادەکانی لە دایك بوونی پێغەمبەر (ﷺ) بۆمان دەر ئەکەوێ کە کۆی کارەکانی کاری شەرعی و سوننەتن) (حوکمی ئاهەنگ گێڕان ل٥٥). کە تێیدا کۆمەڵێك کاریان نوسیوە کە لە مەولودەکاندا دەکرێن وەك قورئان خوێندن و باسکردنی موعجیزەکانی پێغەمبەر ﷺو صەڵاوات لێدان و پاڕانەوەو سروود وتن و خواردن دروست کردن و دابەش کردنی سیواك و....هتد.

وەڵامی ئەمەش ئەوەیە کە دروستێتی تاك تاکی چەند عیبادەتێك بە جیا جیا بەڵگە نیە لەسەر دروستێتی پێکهێنانی عیبادەتێك بە شێوازێکی تازە لە گشت ئەم عیبادەتە تاکانە، بۆ نمونە ئێمە ناتوانین عیبادەتێك پێك بهێنین لە قورئان خوێندن و زیکر کردن و رکوع و سوجدە بردن کە هەمووشیان عیبادەتن، بە شێوەیەك کە سوجدە بردن دەست پێ بکات و بە رکوع کۆتایی بێت.

وە هەروەها پێشتریش ئاماژەمان پێداوە کە هەر شتێك با عیبادەتێکی گەورەش بێت، بەڵام بە نیەتی مەولود خوێندنەوەو ئاهەنگ گێڕان بکرێت، ئەوە بیدعەیەو ناوەڕۆکی کارەکان و ئەوەی کە تێیدا ئەنجام دەدرێن شەرعیەت بە بیدعەکە نادەن و لە بیدعەوە نایگوازنەوە بۆ سوننەت، بەڵکو حوکمەکەی هەر وەك خۆی دەمێنێتەوەو ناگۆڕێت، هەروەك (ابن الحاج) لە کتێبەکەیدا (المدخل) ئاماژەی پێداوە، وە بۆ زیاتر شارەزا بوون دەکرێت بگەڕێیتەوە سەر کتێبەکەی ئەوو وە بروانیتە لاپەڕە (١١٦)ی ئەم کتێبەی بەر دەستت.

وە لێرەدا دەمەوێت ئاماژە بەوەش بکەم کە بەڕاستی ئێوە شوێن شوبهەو ئەو ووتانە ناکەون کە دەکرێت بڵێین لە چەند مانایەك زیاتر هەڵدەگرن و بەدوای فەتوای ڕاست و دروستی زانایان دەکەون، ئەوا فەرمون بگەڕێن لەناو فەتواکانی ئەو زانایانە کە باستان کردوون و جگە لەوانیش بزانن چەند بە ڕوون و ئاشکرایی باسی بیدعەی مەولود خوێندنەوەو ئاهەنگ گێڕانیان کردووە بە بۆنەی لە دایك بوونی پێغەمبەر ﷺ، چونکە ئەگەر وا نەکەن ئەوا

زۆر نزیکە ئەم ئایەتەی خوای پەروەردگارتان لەسەر جێ بەجێ بێت و بکەونە ژێریـەوە کـە دەفـەرموێت: ﴿ فَأَمَّا ٱلَّذِينَ فِي قُلُوبِهِمۡ زَيۡغٞ فَيَتَّبِعُونَ مَا تَشَٰبَهَ مِنۡهُ ٱبۡتِغَآءَ ٱلۡفِتۡنَةِ وَٱبۡتِغَآءَ تَأۡوِيلِهِۦ ﴾[7].

وە دواتر کۆمەڵێك شوبهەیان هێناوەتەوە بۆ شەرعیەت دان بە بیدعەی مەولود خوێندنـەوەو ئاهـەنگ گێـڕان بە بۆنەی لە دایك بوونی پێغەمبەر ﷺ، کە بە پشتیوانی خوای گەورە هەموو ئەو شوبهانە لەم کتێبەی بەردەسـتتدا ڕوون کراونەتەوەو هەڵوەشێنراونەوە، بۆیە بە پێویـستم نـەزانی دووبارەیـان بکەمـەوەو سـەر لـە نـوێ شـوبهەکانیان بنوسمەوە، ئەمەش بۆ ئەوەی وەڵامەکەیان لەوە زیـاتر درێـژە نەکێـشێت، وە کەسـێکیش بـە دوای بەڵگـەو ڕاسـتیدا بگەڕێت، ئەوا یەك بەڵگەی بەسەو کۆتایی بە بیدعەکەی دەهێنێت.

پاشان لە کۆتایی هێنانەوەی شوبهەکانیاندا دەڵێن: (لە کۆتاییدا، ئاهـەنگ گێـڕان بـە یـادی لـە دایـك بـوونی پێغەمبەر (ﷺ) خوا پەرستی نیە زیاد کرابێ بەڵکو کارێکی سادەو نەریتێکە) وە دواتر دەڵێن: (گەر عیبادەت بوایە، دەبواشەکلێکی تایبەتی بە خۆوە دیتبایە) (حوکمی ئاهەنگ گێڕان ل٦٣).

کەوابوو من پرسیارتان لێ دەکەم بە پێی ئەوەی کە ئێوە دەیڵێن: کە عیبادەت نیەو نەریتێکەو بەس، ئـەی ئەو هـەموو ئایـەت و فەرمودەیـە چـین کـە دەیـان هێننـەوەو دەیکـەن بـە شـوبهە بـۆ شـەرعیەت دان پێـی و حـەڵاڵ کردنی؟!! چونکە کە شتێك نەریت و عادەت و شتێکی سادە بێت، چ پێویست بە هێنانەوەی بەڵگەو دەلیـل دەکـات بۆ حەڵاڵ کردن و شەرعیەت پێـدانی؟ وە هـەر شـتێك کـە نـەریت و عـادەت بێـت و پێـچەوانەی شـەرع نـەبێت ئـەوە دروستە بە پێی قاعیدەی (الأصل في العادات الإباحة)، ئەی کە ئەم کارەی دەیکەن پەیوەنـدی بـە عیبـادەت و خـوا پەرستیەوە نیە بۆچی بەڵگەی بۆ دەهێننەوە؟ وە ئەم هەموو زیـادەڕەوی و مـاڵ سـەرف کردنـە بۆچـی دەکرێـت لـە شتێکدا کە عیبادەت نیە؟ ئایا ئەو کەسێك کە نەفام نەبێت لە ڕۆژێکداو چاوەڕێی هیچ پاداشـتێك نـەکات ئـەو هـەموو پارەیە سەرف دەکات؟ ئایا خواو پێغەمبەر ﷺ بەوە ڕازین کەسێك ماڵی خۆی بـەو شـێوەیە پـەرش و بـڵاو بکـات و هیچ پاداشتێکی لەسەر وەر نەگرێت؟

وە دواتر دەیانەوێت زیاتر بۆچوونەکەی خۆیان بسەلمێنن بـەوەی کـە ئەمـە عیبـادەت نیـەو بـەڵکو کـارێکی ئاسایی و عادەتێکە بەوەی کە دەڵێن: (گەر عیبادەت بوایە، دەبواشەکلێکی تایبەتی بەخۆوە دیتبایە). کەچی هـەر دوای ئەمەو لە هەمان لاپەڕەدا ئەو قسەیەی پێشویان هەڵدەوەشێننەوەو بیدعەکەیان (مەولود خوێندنـەوەو ئاهـەنگ گێڕان) لە عادەت و نەریتەوە دەگوازنەوە بۆ عیبادەت و دەڵێن: (وە هەر کارێك با نەریتیش بێت ئەگەر بـە نیـەتێکی پاك و پیرۆز ئەنجام بدرێ ئەمە (عادەتە) ئەشێ ببێ بە (عیبادەت) هەروەکو چۆن لە بنەمایەکی فیقهی دا هاتووە [ النيية الصالحة تقلب العادة عبادة ]).

بەڕاسـتی سـەیرە!!! خۆشـیان نـازانن دەڵـێن چـی و چـی دەنوسـن؟!! سـەرەتا وتیـان ئەمـە عادەتـەو نەریتێکەو پەیوەندی بە خواپەرستیەوە نیە، ئێستاش دەڵێن عیبادەتە بە پێی ئەم قاعیدە فیقهیـە، ئـەی باشـە کـە ئێوە ئاوا زانـاو شـارەزان لـە بـواری شـەریعەت، نـازانن کـە هـەر شـتێك بیدعـە بێـت و زیـادکراو بێـت لـە دینـدا ڕەت دەکرێتەوە بەسەر خاوەنەکەیداو لەسەریشی گوناهبار دەبێت؟ ئەی نازانن بیدعە هەرگیز نابێت بە عیبادەت و گۆڕان بەسەر خودی بیدعەکەدا نایات ئەگەرچی ناونیشان و ناوەرۆکەکەیشی بگۆڕێت و گۆڕانکاری بەسـەر شـێوازی ئـەنجام

[7] آل عمران: ٧

دانیشیدا بهێنرێت؟!! دە بەخۆتاندا بچنەوەو بۆ قسانێك دەكەن كە پێچەوانەی شەرعەو تاوانی ئەو خەڵكەش دەهێننە ئەستۆی خۆتان.

وە هەروەها دەڵێن: (وە ئەو برا بەڕێزانەی ڕێگە لە مەولود ئەگرن پێیان وایە (بیدعەیە) واتە : كارێكی تازە و ناپەسند و گومڕاییە !! چونكە پێغەمبەر و یاران نەیان كردووە ئەمە نابێتە بەڵگە چونكە پێغەمبەر زۆر شتی نەكردووە لە بەر ئوممەتەكەی تا نەبێتە سوننەت و ئەركیان گران نەكات، یارە بەڕێزەكانیش كاری گرنگیتر هەبووە پێوە خەریك بوون وەك جیهاد و بانگەوازی بۆ ئیسلام..) (حوكمی ئاهەنگ گێڕان ل٦٥).

بەڕاستی ئەم قسەیە زۆر ترسناكەو پێویستە لێی پەشیمان ببنەوە، چونكە جەنابتان وا گومان دەبەن كە پێغەمبەر ﷺ دەیزانی ئاهەنگ گێڕان و مەولود خوێندنەوە بە بۆنەی لە دایك بوونی كارێكی باش و سوننەتە بەڵام بۆ ئەوەی ئوممەتەكەی ئەركیان گران نەبێت ئەنجامی نەداوە، وە ئەمەش گومانی تێدا نیە كە ئێوە لەم ڕووەوە زۆر بە هەڵەدا چوون، لەبەر ئەوەی هیچ كارێك نیە كە ببێتە هۆكارێك بۆ نزیك بوونەوە لە خوای گەورە ئەوا ئیلا پێغەمبەر ﷺ بۆ ئوممەتەكەی ڕوون كردۆتەوەو ئاماژەی پێداوە، وە ئەگەر ئەو مەولود خوێندەنەوەیەی جەنابیشتان باسی لێوە دەكەن كارێكی باش بوایە ئەوا بە دڵنیاییەوە ئەویش ئەنجامی دەدا یان ئاماژەی پێ دەدا بۆ ئەوەی هاوەڵان ڕەزای خوایان لێ بێت ئەنجامی بدەن ئەمە لە لایەك، لە لایەكی تریشەوە كە دەڵێن: (پێغەمبەر زۆر شتی نەكردووە لەبەر ئوممەتەكەی تا نەبێتە سوننەت و ئەركیان گران نەكات)، ئەمە خۆی وەڵامە بۆ جەنابتان؛ چونكە مادام پێغەمبەر ﷺ نەیكردووە بە سوننەت بۆ ئەوەی ئەركمان گران نەكات و شتێكی زۆرمان نەخاتە سەر تا ئەنجامی بدەین، كەوایە هیچ پێویست ناكات خۆمان خەریك بكەین بە شتێكەوە كە زیادەیەو ئەنجامی بدەین و خۆمان ئەركی خۆمان گران بكەین لە كاتێكدا پێغەمبەر ﷺ ئەنجامی نەداوەو نەیكردووە بە سوننەت و ئەرك لەسەرمان، وە پێغەمبەریش ﷺ باشترین پێشەواو مامۆستایە بۆ ئێمە كە شوێنی بكەوین و كارێك ئەنجام نەدەین كە نەی كردبێت بە سوننەت بۆمان و ئاماژەی پێ نەدابێت.

وە كە دەشڵێن: (یارە بەڕێزەكانیش كاری گرنگیتر هەبووە پێوەی خەریك بوون وەك جیهاد و بانگەوازی بۆ ئیسلام)، وە ئەمەشیان بەڕاستی هیچ بەڵگە نیە لەسەر ئەم كارەی دەیكەن، چونكە كاری ئەوان تەنها ئەم دوو كارە نەبووە كە ئێوە باستان كردووە، بگرە بە دەیان و سەدان سوننەت هەیە كە هاوەڵان ڕەزای خوایان لێ بێت ئەنجامیان داوەو بۆ ئێمەیان گواستۆتەوە، وە هاوەڵان ڕەزای خوایان لێ بێت شەوو ڕۆژ لە خزمەتی پێغەمبەر ﷺ دابوون و هەر شتێك خێرو چاك بوایەو سوودیان لێ ببینیبایە لە قیامەتدا پێغەمبەر ﷺ فێری دەكردن و ئەوانیش ئەنجامیان دەدا، وە ئەوان توانیبێتیان قوربانی بكەن و ووشترو مانگاو مەڕو بزن بۆ قوربانی كردن سەر بڕن، ئەی چۆن نەیان دەتوانی ئاژەڵێكی لەم شێوانە بۆ یادی لە دایك بوونی پێغەمبەر ﷺ سەربڕن؟!! تەنانەت هاوەڵی وا هەبووە هەموو مەسرەفی غەزایەكی خستۆتە سەر شانی خۆی، ئەی چۆن نەیدەتوانی چەند ئاژەڵێك سەر ببڕێت بۆ مەولودو یادی لە دایك بوونی پێغەمبەر ﷺ؟!! وە ئەمەش كە پێغەمبەر ﷺ ئەنجامی نەداوە، ئەوە خودی وازهێنانەكە یەكێكە لە واز لێ هێنراوە سوننەتیەكان (السنة الترکیة)، وە بۆ زیاتر شارەزابوون لە جۆرە سوننەتە بگەڕێوە لاپەڕە (١١٣–١١٥)ی ئەم كتێبەی بەر دەستت.

وە گریمان ئەو قسەیەی ئێوە ڕاستە كە دەڵێن: (یارە بەڕێزەكانیش خەریكی جیهادو بانگەوازی كردن بوون بۆ ئیسلام)، ئەی باشە بۆ شوێن كەوتوان و شوێن كەوتوانی ئەوان (التابعین وتابع التابعین) ئەم كارەیان ئەنجام

نەدا؟!! وە یان بۆ پێشەوایانی هەر چوار مەزهەبەکە ڕەحمەتی خوایان لێ بێت ئەنجامیان نەدا؟!! ئایا ئەوان لە هەموو زانایانی دوای خۆیان و تا دەگاتە ئەم سەردەمەش شارەزاتر نەبوون بە قورئان وسوننەت؟ وە ئایا ئەوان لەسەردەمی پێغەمبەر ﷺ نزیکتر نەبوون؟ وە لێتان دەپرسم ئایا گوێڕایەڵی پێشەوایانی هەر چوار مەزهەبەکە ڕەحمەتی خوایان لێ بێت بکەن باشتر نییە بۆتان لەوەی کەوا شوێن قسەی کەسانێکی وەك (**محمد العلوي** و **يوسف الرفاعي** و **محمد علوب**)و هاوشێوەکانیان بکەون؟ وە بۆ نایەن بگەڕێن بە دوای بەڵگەی ڕاست و دروستداو شوێن ئەوانەیان بکەون کە موافیقی قورئان و سوننەتەو وە واز لەوانە بهێنن کە پێچەوانەیانە، چونکە بە دڵنیاییەوە ئەوانەی کە فەتوا دەدەن و ئەهلی ئیجتیهادن، ئەگەر ئیجتیهادەکەشیان هەڵە بێت ئەوا پاداشتێکیان هەر بۆ دەنوسرێت، بەڵام ئێمە هیچ عوزرێکمان نیە کە شوێن هەڵەکانیان بکەوین و واز بهێنین لە سوننەتی ڕاست و دروستی پێغەمبەر ﷺ، چونکە بێ گومان لەو کاتەدا جگە لە گوناهباری هیچی ترمان بۆ نامێنێتەوە.

وە هەروەها دەڵێن: (ئەگەر کارێکی خراپ بووە ئەو هەموو پیاوە باشانە نەیان ئەکرد و ئەو هەموو زانایە گەورە و بەڕێزانەش پەسندیان نەئەکرد) (حوكمی ئاهەنگ گێڕان ل٦٥).

نامەوێت زۆر درێژە بە وەڵامەکانم بدەم، تەنها ئەوەندەتان پێ دەڵێم کە: (ئەگەر مەولود خوێندنەوەو ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەی یادی لە دایك بوونی پێغەمبەر ﷺ کارێکی باش بوایەو شەرع ڕێگەی پێ دابوایە، ئەوا بۆچی پێغەمبەر ﷺو خەلیفەو هاوەڵە بەڕێزەکانی ڕەزای خوایان لێ بێت و شوێن کەوتوانیان لە هەردوو سەدەکەی دوای ئەوان و پێشەوایانی هەر چوار هەزهەبەکە ڕەحمەتی خوایان لێ بێت پەسندیان نەدەکردو ئەنجامیان نەدەدا؟!!

وە هەروەها گومانیشی تێدا نیە کە ئاساییەو ڕێی تێدەچێت کە بڵێین چەند پێشەواو زانایەك لە بوارێکدا بە هەڵەدا چوون و نەیان پێکاوە، بەڵام ڕێی تێناچێت کە بڵێین سێ سەدە پیرۆزو پڕ خێرو زانستەکەی دوای پێغەمبەر ﷺ وازیان لە خێرێکی گەورە هێنابێت و ئەنجامیان نەدابێت لە کاتێکدا کە پاداشتێکی زۆریشیان لەسەر دەست کەوتبێت.

وە پاشان دەڵێن: (بۆ ئەمڕۆش ئەڵێم گەر پیشان وەك کارێك (مستحب) تەماشای مەولود کرابێ ئەمڕۆ وەکو واجب وایە بە گەورە ڕابگیرێ و بقۆزرێتەوە) (حوکمی ئاهەنگ گێڕان ل٦٧).

بەڕاستی ئەم قسانە لە قسەی خەڵکی عەقڵانی دەچێت نەك لە خەڵکی زاناو شارەزا لە بواری شەرعدا، چونکە کە دەڵێن وەکو (واجب) وایە دەبێت بەڵگەتان پێ بێت نەك تەنها هەر بە قسە بێت، وە (الواجب ما أوجبه الله ورسوله)، بەڵام وەك تێبینی دەکرێت و دەریش کەوت کە قسەکانتان لە زۆر ڕووەوە دژایەتیان هەیە لەگەڵ یەکتریداو دەتوانین بڵێین لە هەر لاپەڕەیەکدا قسەیەکتان کردووەو حوکمێکتان داوە دەربارەی مەولود خوێندنەوەو ئاهەنگ گێڕان، هەر ئەم حوکم وقسەیە جیایە لەگەڵ ئەو حوکم و قسەیەی کە لە لاپەڕەکەی دوای خۆی داوتانە سەبارەت بە هەمان بابەت، بۆیە داواتان لێ دەکەم کەمێك بگەڕێنەوە دواوەو قسەکانی تۆزێ لەمەو پێشتان بخەنەوە یادتان کە دەتان ووت مەولود خوێندنەوەو ئاهەنگ گێڕان بۆ لە دایك بوونی پێغەمبەر ﷺ تەنها عادەت و نەریتێکەو بەس، کەچی دواتر کردتان بە کارێکی (مستحب)و ئەی ئێستا بە چ ئیجتیهادێك کردتان بەواجب؟!! بەڵام دەکرێت بڵێین: مادام قسەکانتان بەم شێوەیە دژایەتی یەکتری دەکەن و بەردەوام ئەم حوکمەی دەیدەن دەربارەی ئەم بابەتە گۆڕانی بەسەردا دێت دەکرێت وەڵامەکەتان بەم شێوەیە بێت و بڵێین: (**كلام الليل يمحوه النهار**).....